

ئامادەكردنی پلانی هەڵمەتی كارا
بۆ هەڵبژاردن
ئامادەكردنی
نۆدری ماك لاگن وجنیفەر ماورو
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
بورهان عەبدوڵلا عەتار
سلێمانی2007
چاپی یەكەم
Designing an Effective Campaign Plan
Partners in Particioation
Women's Campaign Lnitive
٢٠٠٣ پەیمانگەی دیموكراسی نیشتمانی بۆ كاروباری نێو دەوڵەتی
زنجیرە بڵاوكراوەكانی دەزگای هەڵبژاردنی( ی . ن . ك )

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

مەکتەبی ڕێکخستن

دەزگای هەڵبژاردن

# ئامادەکردنی پلانی هەڵمەتی کارا بۆ هەڵبژاردن

بەشدارن لە هاوبەشیکردندا

دەستپێشخەری هەڵمەتی ژنان

**ئامادەکردنی:**

**ئۆدری ماك لاگن وجنیفەر ماورو**

**وەرگێڕانی**

**لە عەرەبییەوە:**

**بورهان عەبدوڵلا عەتار**

**پیاچونەوەی**

**نەجات روستی**

2003

– پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی بۆ کاروباری نیودەولەتی

- ئامادەکردنی پلانی هەڵمەتی کارا بۆ هەڵبژاردن
- ئامادەکردنی: ئۆدری ماك لاگن وجنیفەرماورو
- وەرگێرانی:  بورهان عەبدوڵلا عەتار
- پیاچونەوەی: نەجات روستی
- تایپ: هەتاو عوسمان
- تیراژ: 1500 دانە
- چاپخانە: بینایی
- دیزایین: عادل شاسواری
- بڵاوکراوەکانی  دەزگای هەڵبژاردن

مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ دەزگای هەڵبژاردن

# پێشەکی

مەبەست لە ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە دیاریکردن و دەرخستنی بنەما سەرەکییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و ڕۆڵی پاڵێوراوە تێیدا. ئەو نامیلکەیە گشتگیرنیە، بۆیە دەکرێ شرۆڤەو لێکدانەوە بۆ هەر بەندێك لە بەندەکانی بەشێوەیەکی فراوانتر بۆبکرێت، ئەمەش بەپێی فەراهەم بونی کاتی پێویست بۆ ئەو مەسەلەیە.

پرۆسەی پلان دانان بنچینەیە بۆ هەڵمەتێکی باش، جەختکردنەوەو پێداگرتن لەسەر ئەو تواناو چالاکیانە لە میانەی سەرجەم پرۆسەکەدا بەڕێوەدەچێت.

لەڕوی پێکهێنانی ستافی کار، یان دانانی پلان و ئامادەکاری بۆ جموجۆڵ و چالاکییەکانی پالێوراو لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و پەیوەندی کردن بەجەماوەرەوە.

بەبۆچونی ئێمە، پرۆسەی پلانانداانان پێویستە بەر لەدەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بێت بەکاتێکی گونجاو. مەبەست لەوکاتە گونجاوەش بەرلەساڵێك یان دووساڵ بێت بەلایەنی کەمەوە. بەڵکو واباشترە پرۆسەی پلاندانان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتو راستەوخۆ رۆژێك لە دوای دوا هەڵبژاردنەکانەوە بێت.

وەك دەزانین لە هەندێ وڵاتدا هیچ حزبێکی سیاسی رەسمی بونی نیە، هەندێ وڵاتی تر کۆمەڵەو سەندیکاو کۆمسیۆنی سیاسیان هەیە، لەهەندێکی تردا هیچ کامێك لەو دوحاڵەتەیان تێدانیە، لەبەر ئەوە پاڵێوراوان بەشێوەیەکی سەربەخۆ پرۆسەی پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدەن، لەم نامیلکەیەدا هەوڵماندا وە بنەماو رەگەزەکانی پلاندانانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەست نیشان بکەین، بە جۆرێك جێبەجێکردن و کارپێکردنیان بۆ هەموو سیستمێك بە ئاسانی بەڕێوەبچێت.

ئاشکرایە داب و نەریت و بۆماوە کلتوری و شارستانیەکان لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە. هەر وڵاتێك لە ئاستێکی جیاوازدایە لە ڕوی گەشەکردنی دیموکراسیدا. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو بەشداربووان کە ئەو نامیلکەیە بەکاردێنن هەستن بە پیاچونەوەی سەرجەم بنەماو پرەنسیپ و رێبازەکانی و چاوپیاخشاندنەوە بەو بڕگانەدا بکەن کەلەگەڵ ژینگەی کلتوری و شارستانیەتیاندا ناگونجێت.

هەڵمەتی باش مانای ئەوەنیە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان زامن بکات، چونکە گەلێك فاکتەری دەرەکی لێرەو لەوێ هەن کەدەشێ کاریگەریان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبێت. ئەزمون و شارەزایی بەدەست هاتوو لەمیانەی ئەو هەڵمەتەو ئەو بابەتانەی کە باسمانکردون و لەمیانەی بەشداربون لە پرۆسەی دەستەڵاتدا، بەشێوەیەکی گرنگ بەشدار دەبن لە بەرەوپێش بردن و گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسیدا. مەبەستیشمان لەوەیە کە ئەم پرۆسەیە تەنها بەوە جێبەجێ نابێت کە دەسەڵات

ببەخشرێتە کاربەدەستانی هەڵبژێردراو، بەڵکو هاوکات ئەو دەستەڵات و هێزە دەبێ بە دەنگی میللەتیش ببەخشرێت.

بڕیاری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بڕیارێکی گرنگە. پێویستی بەجۆرێك لە ئازایەتی و بڕوابەخۆبون هەیە بەتایبەتی بە خۆتەرخانکردن لە پێناو وڵاتەکەت و نەتەوەکەت. لە جیهانێکدا کەسیستمی جیهانگیری لەگەشەکردن و بڕەودایە و روداوەکان لە دوری هەزاران کیلۆمەترەوە کاریگەریان لەسەر ژیانی رۆژانەمان رەنگدانەوەی دەبێت، بلیمەتی و دانایی بەزەرورەت دەبێتە ئەرکی هەریەکێك لەکۆمەڵدا، لەپێناو وەرگرتنی بڕیاری ئاڵۆزو یەکلاکەرەوە لەسەدەی بیست و یەکدا.

پێویستە ئەو بلیمەتی و دانایییە ژنان و پیاوان بە بەرابەری تێیدا بەشداربن ئیتر ئەو رۆژگارە بەسەرچو کەنیوەی دانیشتوانی پشتگوێ بخرێت لە کاتێکدا لە هەوڵی بەدیهێنانی ئاشتی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری ئابوری و سیاسین.

ئێمە وەکو دەزگای هەڵبژاردنی ( ی. ن. ك ) بۆ زیاتر ئاشنا بوونی تاکی کوردی لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن و قبوڵکردنی بەرامبەر وەرگرتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ئاسایی دوور لەدەمارگیریی لەبەرنامەماندایە کۆمەڵێك کتێب و نامیلکەی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن بەچاپ بگەیەنین .. بۆ زیاتر خزمەتکردنی تاکەکانی کۆمەڵ .

## یەکەی یەکەم
## پاڵێوراو: ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانی

بڕیاری خۆپاڵاوتن بۆ ململانێی هەڵبژاردنەکان بڕیارێکی چارەنووس سازە لە ژیانی مرۆڤدا لەسەر دوو ئاست:

کارکردنی ڕاستەقینەو بەکردەوە، کاتێك مرۆڤ دێتە بواری هەڵبژاردنە کانەوە.

چی ڕوودەدات کاتێك سەرکەوتن بەدەست دێنین لە هەڵبژاردنەکاندا.

ژیانی سیاسی وەك هیچ کارێکی ترنییە، گەلێك ئەرك و پیشە هەیە کە مرۆڤ لە ژیانیدا دەیگرێتە ئەستۆ، وەك ئەوەی دەبێتە ئەکتەر یان دەبێتە نوێنەری دەزگایەك، یان مامۆستا، یان پەروەردەکارێك، یان سەرکردەیەك، یان بەرپرسێکی ئیداری و خاوەن دیدو هوشیاریەکی بەرز.

ئەوە هەمووی ڕاستە جا ئەگەر پاڵێوراوبێت یان ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتنت بەدەست هێنا.

پێویستە پاڵێوراو فکرەیەکی دەربارەی ئارەزوی کەسانی تر هەبێت کە مەبەستیانە بویان بێتەدی.

* ئەگەر نوێنەری حزبێك یان هەیئەتێکی سیاسی بویت، ئەوا تۆ نوێنەرایەتی بەرنامەکاری ئەو دەستەیە دەکەیت.
* ئەگەر پاڵێوراوێکی سەربەخۆ بویت، پێویستە گەشە بەو تێڕوانین و بەرنامەیە بدەیت کەمەبەستتە بیهێنیتەدی و تەواوی بکەیت.

## بەرپرسیاریەتی :

یەکەم پرسیارێك کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە لەلایەن هەرکەسێکەوە کەبیر لەچونە ناو ژیانی سیاسی بکاتەوە ئەوەیە:

**یەکەم:** بۆچی دەمەوێ بچمە ناوکاری سیاسیەوە؟

**دووەم:** ئەوەی ئارەزووی دەکەم و دەمەوێ بەدی بهێنم و ئەنجامی بدەم چیە؟

کاتێك وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی پێشوت دایەوە، پێویستە ئەو خاڵانەی خوارەوە لەبەر چاو بگریت:

* ئەو جەماوەرەی هەڵبژاردووی کێن؟ کە تۆ دەتوانیت بە باشترین شێوە نوێنەرایەتیان بکەیت؟
* دەست نیشانی ئەوانە بکە کەپشتگیری و پشتیوانیت لێدەکەن، وەئەوانەش کەدڵنیایت پشتگیری و پشتیوانیت لێناکەن، ئەوانەش کە رەنگە قایل بن بە پشتگیری و پشتیوانیت؟
* کامەیە ئەو هێزو تواناییانەی کە دەتەوێت بۆ حزبەکەت ، گرۆپەکەت یان وەك پاڵێوراوێکی سەربەخۆ دەستەبەریان بکەیت؟

* تێڕوانینــی کۆمــەڵگا لــە میانــەی هەڵــسوکەوت و کــاروجموجۆڵ و چالاکیەکانی ترت.

* ئاستی ئەو کۆمەك و پشتیوانیەی لـە خێزانەکەتـەوە بەدەسـتی دێنیـت چەندە؟

* ئایـا دەزانـی ودەرك بـە ڕۆڵـی ئـەو پۆسـتەی هـەوڵی خۆپـاڵاوتن و کێبەرکێی لەسەر دەکەیت چیەو ئەرکەکانی کامەیە؟

* ئەو گرنتییە داراییانـەی ئەگـەری دەسـتەبەرکردنیان هەیـە بـۆت چـین وەك پاڵێوراوێك و وەك سەرکەوتویەك لە هەڵبژاردنەکاندا؟

* لەکام بواردا هەست دەکەیت پێویستیت بە یارمـەتی هەیـە تێیـدا، وەك قــسەکردنی ئاشــکرا، پێــشکەشکردنی وتــار و پەرەپێــدانی پرۆگــرام و دامەزراندنی خۆبەخشان و چاودێری منداڵان.بەرپرسیاریەتیەکان

## هەموو پاڵێوراوێك نوێنەرایەتیان پێڕاسپێردراوە:

1- ئەرك و بەرپرسیاریەتە ترشیعی و یاسـاییەکانی خـوی بزانێـت و پابەندیان بێت.

2- بــــاش گــــوێگرتن بەرپرســــیاریەتێکی بنــــچینەییە لــــە بەرپرسیاریەتەکانی نوێنەر یان ڕاسپێراو، زۆربـەی خـەڵك پێیـان وایـە ڕۆڵـی سـەرەکی کەسـێکی سیاسـی لـەوتارە کۆمەڵایـەتی ونیــشتمانیەبەپێزوکاریگەریەکانیداخۆی دەبینێتــەوە، بــەڵام لەهـەمان کاتـداگوێگرتن بۆویـست وخواسـتەکانی جـەماوەریش هەمان گرنگی و بایەخی هەیە.

گـوێگرتن بـەپێی بنـەماکانی رێکخـستن لەمیانـەی کۆرِوکۆبونـەوە بچوکەکانداوسازدانی دیداروگفتوگۆیی سادەبەزمانی خەڵکەکە وگرنگیـدان بەمەبەسـت وئارەزوەکـانی ئاینـدەیان دیـسانەوە کـارێکی زۆر پێویـست وپرِبایەخە.

3- لە میانەی دیدارو کۆرِوکۆبونـەوەکانت بـە جـەماوەرو سـەرەرِای ئەوئەزمونەی لەو بارەیەوە هەتە دەتوانیت سەرنجەکانت لەسـەر جـەماوەری هەڵبـژێردن قـوڵ کەیتـەوەو بەئاراسـتەیەکی باشـتر گەشە بەبیرو بۆچونەکانیان بدەی.

## هەموو پاڵێوراوێك مامۆستاو پەروەردەکارە:

لە میانـەی لێکدانـەوەو شـیکردنەوە بەرنامـەو پرۆگرامـی تایبـەت بـە حزبەکەت بۆ خەڵکەکە بەگشتی.

لـە میانـەی ناسـاندی خەڵکـە سـادەکە بـە ئـەرك و مافـەکانیان وەك هەڵبـژێرێك وەهەرچـی پەیوەسـت بێـت بـە پرۆسـەی تۆمـارکردن و هەڵبژاردنەوە.

لەمیانــەی بەشــداری پێکردنــی کەســانی تــر لــە توێژینــەوەکان و شیکردنەوەکانی سەبارەت بەکۆمەڵگاکەت و ئەو ئەرکانـەی روبـەرِوت دەبنەوە بۆچاکردن وبەرەوپێش بردنی.

## هەموو پاڵێوراوێك بەرپرسێکی ئیداری رێکخراوەییە:

پلانــــدانان، پلانــــدانان، وەزیــــاتر پلانــــدنان کلیلــــی ســـەرکەوتنەکانە،پاڵێوراو، ئەنـدامانی هەڵبـژێراو پێویـستە توانـای

ڕێکخستنی کاتەکانی هەبێت، بەتایبەت ڕێکخستنی کاتی فەرمانبەران وخۆبەخشان.

ئیدارەدانی کات وڕێکخستنی لەسەر هەردوو ئاستی کەسێتی وپیشەیی بەکلیلی کارلێك و ئاوێتەبوون دادەنرێت لەگەڵ زۆرێك لە خواست وداوا کاریەکانی ڕۆڵی پاڵێوراو.

یەکێك لەداکۆکیکردنە بنچینەییەکان مامەڵەکردنی ژیرانەو عەقلانیە لەگەڵ زانیاریەکان وخواستەکاندا، خواستەکان گەلێ جار ناجۆر ودژبەیەکن، مەبەستیش لەوە ئەوەیە یەکێك داوای بووجەی زیاتر دەکات کە خەرج بکرێت بۆ کەرتی خوێندن و پەروەردە بەڵام کەسێکی تربەجۆرێکی تر بیردەکاتەوە یان پێی باشە زیاتر لە بواری پشتگیریکردنی کارەکان خەرج بکرێت. هەندێ جار زانیاریەکان هەڵدەبژێردرێن، وەهەندێ جاری تر چڕو پڕ بەیەکاچوبن.

کەواتە لێهاتویی وشارەزایی دەربارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو زانیاریانە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و پڕبایەخە، بۆئەوەی پەیامێکی رون و ئاشکرات هەبێت کە ئاڕاستەی هەڵبژێرانی بکەیت( الفاخبین).

**مەشقێکی کرداری:**

بەشداربوان هەڵدەستن بە رونکردنەوەی، ئەوەی بۆچی بیرلەوە دەکەنەوە کەببن بە پاڵێوراو ئەو ویست و خواستانە چین کە دەیانەوێ بەدی بهێنن وئەنجامی بدەن.

## یەکەی دووەم

## دروستکردن و بنیاتنانی تیمی کار

هەڵمـــەتی هەڵبـــژاردن رۆڵـــی بەرچـــاوی هەیـــە لـــە پێکـــەوە گرێـــدانی پـــشتگیریکەران و پـــشتیوانان لەســـەر هاوکـــاریکردن و یارمەتیـــدانیان بـــۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەسـت بێنیـت لـە هەڵبژاردنەکانـدا. هەنـدێك دەڵـێن پلانـــدانان بـــۆ هەڵمەتەکـــە پێویـــستە لـــە رۆژی دوای کۆتـــایی هـــاتنی هەڵبژاردەکانـەوە دەسـت پێبکـات ئەگـەر ئـەم کارەمـان بـۆ رەخـسا، باشتریش وایە بەر لە ساڵێك یان دووساڵ لـەکاتی هەڵبژاردنـەکانی ئاینـدە دەست پێبکات.

زۆربەی جار پلانی باش دەبێتە کلیلی سەرکەوتن، بەبێ پلانێکـی نوسـراو لە قەیرانێك دەربازت نابێت تا دەکەوێتە قەیرانێکی ترەوە بێ ئەوەی هیچ کاتێکـت لەبەردەسـتدابێت بـۆ جێبـەجێکردنی سـتراتیژێکی گـشتگیر بـۆ هەڵمەتەکە.

پلانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان وەك نەخشەی رێگاوایە بۆ هەڵمەتەکەت. کەپـــەیرەو ورێبازەکـــەت بـــۆ روندەکاتـــەوەو بـــوارێکی باشـــترت بـــۆ بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن بـۆ دەرەخـسێنێت. پێویـستە ئـەو پلانـە لـە

میانــەی هــەر بڕیارێــك كــە وەریــدەگرێت ڕێنماییــت بكــات بــۆ دانــانی خشتەیەكی زەمەنی تا بەهەڵمەتی ڕاگەیانـدن كـۆنترۆڵكردنی خـەرجیـەكان دەگـات. وە ئەگــەر لــە حاڵەتێكـدا پــاڵێوراوی حزبێــك یــان دەزگایــەكی دیاریكراو بیت، بێگومان ئەوان ستراتیژێكی تایبـەت بـەو مەسـەلەیەت بـۆ ئامادە دەكەن.

## ئاشكرای كەو دڵنیابە!!

ئایــا خــۆت یــان حزبەكــەت یــان كۆمەڵەكــەت ســتراتیژێك یــان پلانێكــی دیاریكراو یان هەیە كە گەرەكیان بێت تۆ لەسەری بڕۆیت؟

هەڵمەتەكان ئەم بوارانەی خوارەوە لە خۆدەكرێت:

- ستراتیژی هەڵمەتەكە.
- توێژینەوەكانی هەڵمەتەكە
- دەستنیشانكردن و بەمەبەستكردنی هەڵبژێران.
- پلانی هەڵسوكەوت كردن و سازدانی دیـدارو كۆروكۆبونـەوەكان لەگـەڵ هەڵبژێران
- پلانی كار
- پرۆسەكانی ڕۆژی هەڵبژاردنەكان.
- پەیامی هەڵمەتەكە.
- وەرگرتنی بڕیار لەمیانەی هەڵمەتەكە.
- بونیاد و ڕێكخراوی.
- پلانی پەیوەندیەكان.
- ڕۆژمێرو رسومی بەیانی.
- دروستكردنی تیم: خستنەگەڕی خۆبەخشان

* یەك كەس بەتەنیا ئەو هەموو ئیشانەی پێ ڕایی ناكرێت لەبەر ئەوە تۆ پێویـستیت بــە تیمێــك هەیــە كەلەبەرامبــەر برێــك كــرێ یــان خۆبەخشانەوبێكرێ كەبتوانیت پشتیان پێببەستیت، دابین بكەیت بۆ یارمەتیدانت.
* هەمو ئەوكەسانەی كە پشتگیریت لێدەكەن وپشتیوانتن بەشێكن لە پلانەكەت، یان پێویستە بەشێكبن لەوپلانە.

## ئاشكرای كەو دڵیابە!!

ئایا حزبەكەت یان دەزگاكەت كەسێكت بۆ دابین دەكات بۆ ئەوەی لە ڕێكخستنی هەڵمەتەكەدا و لەنیو جەماوەری هەڵبژێردرا  یارمەتیدبدات؟
ئایا حزبەكەت یان دەزگاكەت نوسینگەیەكی هەرێمی یان لۆكاڵی لە ناوچەكەدا هەیە؟
ئایا حزبەكەت یان دەزگاكەت لیستی ئامادە كراوی بەناوی ئەو خۆبەخشانە هەیە كە دەشێ بتوانیت بەكاریان بێنیت لەڕا یكردنی ئیش و كارەكانت؟
* ئەگەر حزبەكەت ، دەزگایەكەت تیمی كاری بۆ هەڵمەتەكە بۆ ئامادەنەكردبوی یان ئەگەر تۆ پاڵێوراوێكی سەرەخۆ بویت، لەهەردوو حاڵەتەكەدا پێویستە كۆمەڵێك خەڵك دەست نیشان بكەیت بۆ یارمەتیدانت لە راپەڕاندنی ئیش وكاری هەڵمەتەكەتدا.
* بەتەنیا ناتوانیت هەڵمەتەكە بەسەركەوتویی بەریتبەڕێوە، لەبەر ئەوە پێویستە داوا لە هاوڕیكانت و خێزانەكەت و هاوكارانی كارەكەت و دراوسێكانت بكەیت لەوانەی لەگەڵتا هاوتان لەبیروڕاكانتدا تا بتوانیت

کەڵك لە کۆمەك و هاوکایان وەرگریت ئەگەر ئەو هاوکاریە هەر چەند بچوکیش بێت. بونی لیستی ناوی ئەندامانی حزبەکەت،دەزگاکەت شتێکی بەسودە بۆتۆ بۆ ئەوەی هاوکاران و پشتیوانانی خۆت بناسیت.

## تیمی کار لەوانە پێك دێن:

### 1- پاڵێوراوان:

پەیام و زانیاریەکانت بۆ جەماوەرەکەت بەڕونی ئاشکرابکەو بیخەرە روو، وەبەهیچ جۆرێك پاڵێوراوان نابێ ببن بە بەڕێوەبەری هەڵمەتەکەیان بەڵکو دەبێ تەنها رۆڵی ئاراستەکردن و دابەشکردنی ئەرکەکان بگرنە ئەستۆ.

### 2- بەڕێوەبەری هەڵمەتەکە:

ئەرکی بەڕێوەبەری هەڵمەتەکە بریتیە لە رێکخستن و دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکان و رێزبەندیکردنی بەرنامەکاری پاڵێوراو. شارەزایی و توانای سیاسی بۆ بەڕێوەبەر مەرجی یەکەم، سەرەکی نیە، بەڵکو ئەو ئەرکە پێویستی بە کەسێك هەیە توانایی تەییارکردن و جۆشدانی جەماوەری هەبێت، وەخاوەنی هەستێکی رێکخستن و مامەڵەیەکی عەقڵانی هەبێت و متمانەی بەخۆی هەبێت لە وەرگرتنی بریارەکان و روخۆشی و دەم بەخەندە بێت، یەك کەسی لەو جۆرە دەتوانێت ئەو هەڵمەتە بۆ زیاتر لە پاڵێوراوێك بەڕێوەببات.

3

- **راوێژکاری یاسایی**

ئەرکی راوێـژکاری یاسایی خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە، کـە ڕەچـاوی یاسـاکانی پڕۆسـەی هەڵبـژاردن بکـات و ڕێوشـوێنە ئوسـەڵییەکان جێبەجێ بکات.

1- **ژمێریار خەزێنەدار:**

تـەواوی بەرپرسـیاریەتی یاسـایی هەڵمەتەکـە دەگرێتـە ئەسـتۆ لەوانەی پەیوەندیان بـە سـجلاتی دارایـی و ژمێریـاری و مامەڵـەکردن لەگەڵ لایەنەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردن و لایەنە ڕەسمیەکانەوە هەیە.

2- **بەرپرسی پەیوەند یکردن بە دەنگدەرانەوە( الناخبین ):-**

ئـەرکی بـەڕێوەبردن و ڕێکخـستنی کۆڕوکۆبونەوەکانـە لەگـەڵ جـەماوەری دەنگـدەران وەهەڵدەسـتێت بەدابەشـکردنی ئـەرکی پەیوەنـدیکردن بـە دەنگـدەران، بەسـەر خۆبەشـاندا وەلەگـەڵ بەڕێوەبـەری هەڵمەتەکـە ئـەرکی داڕشـتنی خـشتەیەکی زەمـەنی بـۆ پـاڵێوراو دەگرێتـە ئەسـتۆ، وە هەرچـی سـجلات و لیـستی نـاوی دەنگدەرانە لەلایەن خۆی دەیانپارێزێت.... هتد.

3- **بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان:**

ئەرکی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پەیوەندی و دیدارەکان و سـیمینارە لەگەڵ میدیاو هۆکانی ڕاگەیانـدن، جگـە لـەوەش ئەڵقـەی پەیوەنـدی نێوان نوسینگەی ناوەندی حـزب و جـەماوەرە لـە حاڵەتێکدا ئەگـەر

پاڵێوراوەکـە سـەربەحزب بـو بـۆدابین کردنـی بابەتـەکانی ڕیکلامـی پەیوەندار بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

هـەروەها ئـەرکی ئامـادەکردنی بابـەتی ریکلامـی پەیوەندیـداره بـە بەرژەوەندی بەکارهێنانی جەماوەری دەنگدەرانەوە.

4- **بەرپرسی ڕێکخستنی رۆژی هەڵبژاردن:**

هەڵدەسـتێ بەڕێکخـستنی ئـیش وکارەکـانی خۆبەخـشان لـە رۆژی هەڵبژاردنــدا بــۆ گەیانــدنی دەنگــی دەنگــدەران بەســندوقەکانی دەنگداندائـەرکی بەدواداچـون بۆسـەرجەم دەنگدەرەناسـراوەکان دەکات بۆئەوەی دڵنیابێت کە دەنگیان داوە یان نا.

5- **کارمەندانی هەڵمەتەکە:**

هەنـدێکیان لەگـەڵ پاڵێوراوەکـەدا و یـان بـێ ئەودەچـنە سـەردانی دەنگـدەران و گۆشـە نیگـای پاڵێوراوەکـە دەخەنـەڕوو، هـەروەها دەنگـدەران ئاگـادار دەکەنـەوە لـە توانـاو لێهـاتوویی پاڵێوراوەکـە، ڕیکـلام وپڕوپاگنــدەی بۆئامادەکـەن، وەهــەروەها هەڵدەسـتن بـە کۆکردنـەوەی پـارە بـۆ هەڵمەتەکـەو دروسـتکردنی دروشـم ولافتـەو پۆستەر وئامادەکردنی هەواداراني بۆ سندوقەكانی دەنگدان لـەڕۆژی هەڵبژاردنــدا و ئــەرکی چـاودێری کردنــی منــداڵانی کارمەنــدانی هەڵمەتەکەش لە ئەستۆدەگرن.

**هەنـدێ مەسـەلەی گـرنگ کـە دەبـێ لەبەرچـاو بگیرێـت لـەکاتی کۆکردنەوەی تیمی کارەکەت:**

* هەرگیز ناتوانیت ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندانی هەڵمەتەکە کۆبکەیتەوە.

* خەڵك بەتواناترن لە پێشکەشکردنی دەستی یارمەتی و هاوکاری ئەگەر کارێکی دیاریکراویان پێ بسپێردرێت لە میانەی خشتەیەکی زەمەنی دیاریکراودا. وەك ( پەیوەندی کردنی بەردەوام بەدەنگدەرانەوە لە هەموو ڕۆژانی پێنج شەممەیەکدا).

* پێویستە پالێوراو هەولبدا بۆ دامەزراندنی کارمەندان لەناو جەماوەری دەنگدەرەوە هەروەها دەتوانێت بەدوای خۆبەخشاندا بگەرێت لەهەموو بوارێکدا لەناو جەماوەری دەنگدەرانیدا.

* هەولبدە لەناو تیمی کارەکەتدا، ژن و پیاو هەبن بۆ ئەوەی پشتیوانیەکی فراوانترو گشتگیرترت دەستکەوێت.

* هەولبدە لەگەلّ کەسانێکدا کاربکەیت کە ڕێزێکی باشیان لەناو کۆمەلّدا هەبێت، ئەمەش متمانەی زیاتر دەبەخشێتە هەڵمەتەکەت.

* کاری تیمەکە گرنگ و یەکلاکەرەوەیە، بەلاّم پێویستە کە یەکێك هەبێت لە ئاستێکی بەرپرسیاریەتیدابێت.

* خۆبەخشانی هەڵمەتەکە ماندودەبن، ئەوەش لەیادنەکەیت کەکاری هەڵبژاردن بەرپرسیاریەتێکی ترە دەچێتە پالّ ژیانی پڕ لەسەرقالّی و ئیش وکارەکانیان.

* بەشێك لەکارەکەت وەك پالێوراوێك ئەویە بەردەوام بە ئاگابیت لە ئامادەباشی تیمی کارەکەت وهەمیشە وەك هاندەرێك بیت بۆیان و بەشێوەیەکی ئارام ولەسەرخۆ ئیش وکارەکانیان لەگەلّدا تاووتوێ بکەیت ئەوەندەی لەتواناتدا بێت. لەبەر ئەوە واباشە بەشێوەیەکی دەوری لە میانەی ڕۆژێك یان هەفتەیەك دیدارو چاوپێکەوتنت لەگەڵیاندا هەبێت پێش هەڵمەتەکەو لە کاتی هەڵمەتەکەشدا.

* بزانــه ئامــانجی ســەرەکی کارکردنــه بۆدامەزرانــدنی تیمێکــی کــار لــه کەسانی پابەندبەو مەسەلەیه که توانای کارکردنیان بۆ چـەندین سـەعاتی زیاده هەبێت، چونکه هەڵبژاردنی تریش له ئایندەدا بەڕێوەیه، لەبەر ئـەو دامەزراندنی بنکەیەکی باش له ئێستاوە، سـەرکەوتنت بۆمـسۆگەردەکات لەئایندەدا ئەگەرئەمجارەش وەك پێویست بەرهەمی نەبوبێت.

* کاتێك تیمێکی بەهێزو بەتوانات دەبێت، ئەوا دەتوانیت وەك پاڵێوراوێك جـەخت لەسـەر دیـدارو کۆڕوکۆبونـەوەکانت لەگـەڵ خەڵکـدا بکەیتـەوە، ئامـادەی کۆبونـەوە ئاشـکراو گـشتیەکان بیـت وگـوێش بـۆ خـەڵکی تـر رادێریت و پەیامەکەی خۆشت بگەیەنیته دەنگدەران.

هەمیشه سوپاس ئاڕاسـتەی کارمەنـدانی هەڵمەتەکـه بکـه، ئەگـەر جـۆری بەشدایان و قەبارەی بەشداریان هەرچی چۆنێك بوبێت! ! !

**مەشقێك بەکردەوە بۆ دروستکردنی تیم:**

– دەستنیـشانی چـوار ئەنـدامی تیمـی کارەکـەت بکــه وەك لێژنــەی پلاناندانانی هەڵبژاردنی تایبەت بەخۆت.

– جۆری ئەوکارەی کەبه هەریەکێك لەو چوارکەسەی دەسپێریت چیه؟

–کـەی داواکـاری ئاراسـتەی ئەوکەسـانه دەکرێـت، وەکـێ هەڵدەسـتێت بەوکاره؟

## یەکەی سێیەم

تەییارکردنی خۆبەخشان و کۆکردنەوەیان

هەموو هەڵمەتێکی هەڵبژاردن پێویستی بە سێ رەگەز هەیە کە ئەمانەن:

1- کات

2- پارە

3- کارمەند

خۆبەخشان فاکتەرێکی بنەڕەتی و زەرورین بۆ هەر هەڵمەتێك، هەتا ژمارەی کارمەندانی خۆبەخش زیاتر بێت، تۆ توانای بەکارهێنانی کاتەکەت بەشێوەیەکی کاریگەرترو بەسودتردەبێت. ئەگەر بڕێکی زۆر پارەت لەبەر دەستدا نەبێت، ئەوا خۆبەخشان و کارمەندان دەتوانن قەرەبوی ئەومەسەلەیە تاڕادەیەکی زۆربکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەبەردەم ڕا یگشتیدا پشتگیری و پشتیوانیەکی فراوان کەتۆ لەوپرۆسەیەدا هەتە بخاتە ڕوو.

تەیارکردن و جۆشدانی کارمەندە خۆبەخشەکان بە بەشێکی گرنگی ئەرکی پاڵێوراو دادەنرێت. ئەگەر نەتوانی ژمارەیەکی باش لە خۆبەخشان

لـە دەوری خـۆت كۆكەیتـەوە، بێگومـان ئـەوە كاردەكاتـە سـەر ئاسـتی پـشتگیریت لـە سـندوقەكانی دەنگـدان و رادەی چـڕی پـشتگیریت لـەو پرۆسەیەدا بەدەردەخات كە تۆهەتە.

بۆیـە دارشـتنی پلانێكـی تۆكمـەو رێكخـراو بـۆ تـەبیاركردن مەسـەلەیەكی پێویست و زەروریە. وەنابێت توشی بێ ئومێد و بێ هیـوایی ببیـت ئەگـەر دەستەیەك خەڵك لەسەرەتادا بەگەرمی ئامـادەیی خۆیـان دەرنـەبڕی بـۆ ئەوكارەت، چونكە بزانە كە داكـۆكی كـردن و پێـداگرتن لـەو مەسـەلەیەدا زامنـی قەرەبوكردنەوەن بۆت!

**پلانی تەبیاركردن:**

* هەنگاوی یەكەم پێویـستە لـە هەڵوێـستەكانتا رۆن و ئاشـكرابیت و مەبەستی خۆپاڵاوتنت راشكاوانە بۆ جەماوەری خەڵك ئاشكرابكەیت.

لە پێناوقایلكردنی خۆبەخـشان بۆكـاركردن و یارمەتیـدان، پێویـستە باوەڕێكیان هەبێت كە ئەوان بۆ بەرژەوەندی تێڕوانینێكـی دیـاریكراو ئەم كارەدەكەن كەبـەگرنگی دەزانـن یـان هاوتـان لەگـەڵ تێـڕوانین و ئامانجەكەی تۆدا.

* هەوڵبدە بەڕادەیەكی فراوان شـەن و كـەوی خـەڵكێكی زۆر بكـەیت لەژنان و پیاوان و لاوان وە دەسـت نیـشانی ئـەو دەسـتەو كۆمـەڵانی بكەیت كە دەستی یارمەتیت بۆ درێژدەكـەن و پـشتیوانیت لێدەكـەن تەنانەت بە خێزانەكەی خۆشتەوە

* دەست نیشانی ئەو ماوەیەی كە پێویـستتە بـۆ كارەكانـت بـەڕۆنی دیـاری بكــە، هــەروەها دەســت نیــشانی توانــای هەریــەكێك لــە خۆبەخشانیش بكە تاچ ڕادەیەك كۆمەك و هاوكاریت دەكەن.

* زۆر ڕاشـــکاوانەو بـــەڕونی و ئاشـــکرا گرنگـــی ئـــەو ئەرکانـــەی کـــە خۆبەخشەکان پێویستە پێی هەڵسن و لە ئەستۆی بگرن، لەگەڵیانـدا تاوتوێی بکەن و گفتوگۆیان لەبارەوە بکە.

**پاشکۆکان:**

لاپەڕەی زانیاریەکان دەربارەی خۆ بەخشان

**مەشقی کرداری:**

بەشداربوان چۆن دەتـوانن خۆبەخـشان تـەییارو جـۆش بـدەن و بـەهرە و تواناکانیان کۆبکەنەوە؟

## یەکەی چوارەم:

## پلاندانان بۆ هەڵمەتەکە

ڕێکخـستنی هەڵمـەتی هەڵبـژاردن جۆرێـك لـە نزیکبوونـەوەو شوناسـی ڕێکخراوەیی پێشکەش دەکات بـۆ دروسـتکردنی پەیوەندیـەکی بـەردەوام لەگەڵ جەماوەری دەنگدەراندا، بۆ ئەوەی بڕیاری پـشتگیری و پـشتیوانی کردن بدەن. هەروەها زانیـاری ئەوەشـت پێـشکەش دەکـات کـە ئەوانـەی بـەکردەوە دەنـگ بـۆ تـۆ دەدەن کـێن وە چـۆن دەتـوانین مەسـەلەکان تـاوتوێ بکـەیت بـۆ ئـەوەی گەیـشتنی دەنگـدەران بـۆ سـندوقەکانی هەڵبژاردن زامن بکەیت، وەگەڵ شتی تریش پێشکەش دەکات پێداگرتن و سوربون گەوهەری هەموو هەڵمەتەکانە.

**سەرچاوەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن:**

* ئەگەر توانرا پێویستە نوسینگەیەکی ئامادەکراو بۆ هەڵمەتەکە هەبێت بەر لە دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکان بەرەسمی.

* چەند پاڵێوراوێك دەتوانن لەیەك نوسینگەدا هاوبەش بن.

* پێویستە نوسینگە هەردەم کراوەبێت بۆ پێشوازیکردن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی کەرەسەو زانیاری پەیوەندار بە پاڵێوراو بەرنامەی حزبەوە.

* ئەگەر کات و پارە هەبوو، پێویستە نوسینگە تەلەفۆن و پێداویستیە سەرەکیەکانی تێدابێت، وەئەگەر پارە کەم بۆ، بەلانیکەم دەبێ کورسی ومێزو روناکی و قەڵەم و کاغەزو زانیاری پێویست سەبارە بە هەڵمەتەکەی بۆ دابین بکرێت.

* خۆ ئەگەر پارە نەبو بۆ بەکرێ گرتنی نوسینگە، ئەوا پێویستە ماڵی یەکێك لە پاڵێوراوەکان یان شوێنی کارکردنەکەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێت.

**توێژینەوەی زانستی و نەخشەکان:**

* پێویستیت بە نەخشەو وێنەی ناوچەکە دەبێت، واتە نەخشەی شەقامەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکەو سەرجەم جادەو بانەکانی، ئەم مەسەلانە یارمەتیت دەدات لە پلاندانان و رێکخستنی پرۆسەی پەیوەستبون بە جەماوەری دەنگدەرانەوە. نەخشەکان رادەی ئەو پێشکەوتنەت بۆ ئاشکرادەکەن کەبە دەستت هێناوە، وەك رونکردنەوەی ئەو شەقام و ناوچانەی کە هەڵساوی بەسەردانیان یان ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کەلەگەڵیاندا کۆڕو کۆبونەوەت لەگەڵدا ئەنجام داون.

* پێویستە زانیاری تەواوت دەربارەی ئەو مەسەلانەی خوارەوە هەبێت:

– ئەو بابەتە سەرەکیانەی بەلای دەنگدەرانی ناوچەکەتەوە گرنگن.

– دەست نیشانکردنی ئەوناوچانەی پشتگیری و پشتیوانیت لێدەکەن بەشێوەیەکی بنەڕەتی و یەکەم گرنگی بەو ناوچانەبدرێن.

– پەیامی پالێوراوە مونافیسەکان و ئەجندەکانیان.

– زانیاری سەبارەت بە پێشینەی مەسەلەکان لە پێناو پشتگیری و پشتیوانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەت.

– ڕادەی پێشکەوتن و گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی بازنەی هەڵبژاردنەکەت.

* ئەو جۆرە زانیاریانە زۆر بەکەڵکن لەمیانەی وتارو گفتوگۆکان و دیدارە جەماوەریەکان و سەرجەم چالاکیەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پەیوەندیدار.

## بەهەند وەرگرتنی دەنگدەران :

* بەهەندوەرگرتنی دەنگدەران بۆچی؟

پرۆسەی بەگرنگ وەرگرتن گرنگە لەبەر دووهۆ:

**یەکەم :** لەبەر ئەوەی پێویستە تۆ پارێزگاری لەسەرچاوە گرنگەکانی هەڵمەتەکە بکەیت وەك، کات، پارە، خەڵك

**دووەم :** چونکە پێویستە پەیامی هەڵبژاردن بگەینیتە دەنگدەران کە ئەوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ تۆدان ودەنگ بەتۆدەدەن.

### * چۆنیەتی بەهەند وەرگرتنی دەنگدەران :

أ– لەڕوی جوگرا فییەوە.

ب- لــەڕوی دیمــوگرا فییـــەوە( واتـــە لـــەڕوی ئامـــاری دانیشتوانەوە ).

**أ- بەهەند وەرگرتن لەڕوی جوگرافیەوە:**

بریتیـە لەدەسـت نیـشانکردنی ئەوانـەی کـە دەنگـت پـێ دەدەن بـەپێی ناوچـەکانی نیـشتەجێ بـونی خەڵکەکـە. بـۆ نمونـە، تـۆ دڵنیایـت لـەوەی دراوسێکانت دەنگت پێ دەدەن، بـەڵام گەرەکـە دورەکـان (زۆر دورەکـان نا) پێویـست بـەوە دەکـات بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان قایلیـان بکـەیت تـا دەنگت پێ بدەن، بەڵام بۆگەرەکـە زۆر دورەکـان پێویـستیت بـە کـاتێکی زۆرتـرە دەبێـت بـۆ پـەیوەنـدیت بـە دەنگدەرانـەوە و هـەوڵی زیاتریـشی دەوێت بۆ قایلکردنیان بۆ ئەوەی دەنگت پێبدەن

**ب: لەڕوی دیموگرافیەوە:**

ئەمەشـیان لـەڕوی چـین و توێـژەکانی دانیـشتوان پێـشبینی دەنگـدەران دەکات، کام کۆمەڵ و توێژە ئەگەری پێدانی دەنگیـان هەیـە پێـت وەکـام کۆمەڵ وتوێژە ئەگەری ئەوەی لێناکرێت دەنگـی خۆیـت پێبـدات، وەئـەو چین و کۆمەڵانەش هەریەکەیان بـەپێی تەمـەن یـان جـۆری کۆمەڵایـەتیان یان جێنـدەر( ڕەگـەز-gendar) یـان داهـات، یـان پیـشە، یـان ئاسـتی خوێنـــدەواری و ڕۆشـــنبیریان یـــان تەنانـــەت بـــەپێی جـــۆری ئـــیش وئارەزوەکانیان جیادەکاتەوە.

پێویـستە لەسـەرتیمی کارەکـەت هـەوڵی ئەوەبدات دەسـت نیـشانی ئـەو ناوچانە بکات کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت دەنگـی زۆری تیـدا بێنیـت، و ئـەو ناوچـانەش کـە ئەگـەری دەنگـدانی بـۆ بەرژەوەنـدی تـۆ کـەمتر

لێدەكرێت، هەرچەند ئەومەسەلەیە چارەسەرێكی زۆر نمونەیی نیە بەڵام لە هەمان كاتیشدا بایەخی خۆی هەیە لە حاڵەتێكدا ئەگەر سەرچاوەكانی خۆتت بەشێوەیەكی كاریگەر بەكارهێنا.

ئەمەی خوارەوە چۆنیەتی بەستنەوەو ئامانجدار كردن و بەهەند وەرگرتن، هەڵمەتی هەڵبژاردنەكەت بۆ ڕوندەكاتەوە:

**أ- دەنگە مسۆگەرەكان:**

ئەوكەسانەن كە دڵنیای لێیان دەنگیان دەدەن بەتۆ، بۆیە پێویستە وەك بنكەیەكی پشتیوان و پشتگیرت پەیوەندبەكانت لەگەڵیاندا توندوتۆڵ بكەیت لەڕێگەی ناردنی كەرەسەو بابەتی ریكلامی پەیوەندیدار بە هەڵمەتەكەو دیدارو سەردانیان لەگەڵدا ئەنجام بدەیت چونكە ئەوانە بۆ تۆ وەك خۆبەخش وان و جێگەی متمانەی تۆن .

**ب- ئەو دەنگدەرانەی ئەگەری دەنگ پێدانیان بۆت كەمترە:**

ئەو كۆمەڵەیان پێویستە زیاتر بەهەند وەربگیرێن و بەرنامەیەكی توكمەترو چڕوپڕتری بۆ دابڕێژرێت لەسەردانكردنیان و كۆبونەوە لەگەڵیادا و ناردنی بڵاوكراوە و چاپكراو دروشمی جۆراوجۆری پەیوەست بە هەڵمەتەكە بۆ ئەوەی پشتیوانی و پشتگیریان بۆ خۆت مسۆگەر بكەیت.

**ج- ئەو دەنگدەرانەی كە پشتگیریت لێناكەن:**

ئەودەستەییە یان لە خوارەوەی لیستەكەدان، وەدەشی هەندێ پەیوەندیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت وەك ناردنی چاپكراوەكان و بڵاوكراوە

لەوانـــەی پەیوەنـــدی راســـتەوخۆیان بەمەســـەلەی هەڵمـــەتی هەڵبژاردنەوەکەوەهەیە، وەپێویستە پاڵێوراو کاتێکی زۆر بۆ ئـەو کۆمەڵـە تەرخان نەکات.

## رۆژمێر( تەقویم ) بۆ بەرێوەبردن و رێکخستنی کات:

*بـەکارهێنانی رۆژمێـری قەبارەگـەورە و هەنـدێك رۆژمێـری بـچوك بـۆ خستنەڕوو.

*پێویـستە زۆر بـەوردی کـاتی ئەنجامـدانی هـەمو چـالاکیەکان و کۆبونـەوەکان و روداوەکـان دیـاری بکـرێن و کۆبونـەوەکان لەگـەڵ دەنگدەراندا بەباشی لەسـەر رۆژمێرەکـە دیـاری بکرێن ئەمـەو سـەرەڕای چالاکییە پەیوەندیدارەکانی تر

*بـەکارهێنانی رۆژمێـر بـۆ پلانـدانانی پەیوەنـدی و دیـدارەکانت لەگـەڵ دەنگدەران بۆ زامن کردنی پەیوەنـدیت لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە دەنگـدەران بەرلەرۆژێك لە هەڵبژاردنەکان.

*لەیادی نەکەیت بەرنامەیەکی رێکوپێك سـەبارەت بـە ئـیش و کارەکانـت دابنێ ولەسەر رۆژمێرەکەت رۆژو شوێن وکاتەکانی دیاری بکەیت .

## پاشکۆکان لە پێناوی پلانی هەڵمەتەکە:

- چەند رۆژێکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان
- نەخشەو وێنەکان ( لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەبن)

**مەشقی کرداری سەبارەت بە پلانی هەڵمەتەکە :**

ئەم مەشقە لە میانەی چەند گروپێکی ژمارەکەدا ئەنجامدەرێت:

* لیستێك دابنێ کە پێنچ سەرچاوە یان زیاتر لە خۆبگرێت، کەزانیاری پێویستی سەبارەت بەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بە هەڵمەتەکەوەی بەڕونی تێدا باسکرابێت.

* لیستێك دابنێ کەپێنچ گروپ یان تاقم یان زیاتر لە خۆبگرێت و بە ئامانج وەریانبگرە بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری و پشتیوانیان، وە پلانێکیش دانێ دەربارەی کەی وە چۆن دیدار یان کۆبونەوەیان لەگەڵدا سازدەکەیت.

توێژینەوەیەك لەسەر شێوازی دیاریکردنی ئەو ناوچانەی بە ئامانج وەرگیراون بۆ پشتگیریکردن لە پڕۆسەکە.

## یەکەی پێنچەم

**سەرچاوە داراییەکان و کۆکردنەوەی پارە :**

کۆکردنەوەی پارە بۆ دوو مەبەستی سەرەکین لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان دا. ئەو پڕۆسەیە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی پارەی زەروری و پێویست، سەرەڕای کۆمەك و هاوکاری بۆ دامەزراندنی بنکەی پشتگیری کردنی پاڵێوراو لە میانەی گەیشتن بەخەڵك و داوالێکردنیان بۆ پشتگیریکردنیان لە پاڵێوراو لەمیانەی ئەوپارەیەوە. بۆ ئەومەبەستەش چەند یاساو حوکمێك سەبارەت بە پڕۆسەی تەمویل و کۆکردنەوەی پارە دانراون بۆ زامن کردنی متمانەو شەفافیەت و بەرپرسیاریەتی.

## ئاشكراى كەو دڵنيابە!!

دەتوانيت بەكێوە پەيوەست بيت و لەگەڵ كێيا پەيوەنديت هەبێت لە پێناو ئەو زانياريانەى پەيوەنديان بە مەسەلەى دارايى پەيوەست بە هەڵبژاردنە كانەوە هەيە؟

* زۆربەى هەڵمەتەكانى هەڵبژاردن پێويستيان بە پارەى زياتر هەيە كە دەشێ لەماوەى هەڵمەتەكەدا كۆبكرێتەوە،وەپێويستە بەردەوام بێت، وە پرۆسەى كۆكردنەوەى پارە بەشێك بێت لە هەر پرۆسەيەكى پلاندانان و رێكخستنى هەڵمەتى هەڵبژاردن.

* پاڵێوراوان و حزبەكەيان و هەوادارانيان هەڵدەستن بەكۆكردنەوەى پارەكان لە خەڵك و رێكخراوەكان و دامەزراوەكان، كە لەگەڵ ئامانج و پرۆگرام و تێروانينەكانيان دەگونجێت.

* ئەو رێكخراوە ودامەزراوانە ڕەنگە دامەزراوەى كارو بازرگانى بن، يان سەنديكاو كۆمەڵەو كۆمەڵەكانى ژنان و ئەندامان و كەسانى پشتگيرى لۆكاڵى بن.

* پێويستە كراوەو ڕاستگوبيت لەگەڵ خەڵك بە تايبەت ئەوانەى پشتگيريت لێدەكەن و بە پارەى پێويست كۆمەكت پێ دەكەن، وەدەبێ بزانن ئەو پارانە بۆ چ مەبەستێك بەكاردەهێنيت.

* وەدەكرێ لە ميانەى چالاكيە هونەرى و جۆرەكانى تردا پارەى پێويست كۆبكرێتەوە كە پەيوەندار بن بەمەسەلەكەوە.

* ژمێریار یان خەزنەدار بەرپرسی یەکەمە لە کردنەوەی سجلی تایبەت بەو پارانە کە دەبەخشرێتە پرۆسەکە لەبەرامبەر بەڵگەنامەیەك، و لە حسابی قەرزو ئەمانەتەکان دەپارێزرێت.

* دەبێ ژمێریار شارەزایی تەواوی لە بارەی یاساکان و سیستمەکانی دارایی هەبێت کەیاساکان و ئەحکامی هەڵبژاردنەکان دایرشتوە.

* ئەوەت لەبیرنەچێت خەرجکردنی پارەی زۆرو هەبونی، بەزەرورەت مانای ئەوەنیە کە هەلی سەرکەوتنت لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ مسۆگەر دەکات.

## ئاشکرای بکەو دڵنیابە:

ئایا دابین کردنی پشتگیری دارایی بۆ هەڵبژاردن لەلایەن حزب یان دەزگاوە بەڕێوەدەچێت؟

ئەگەر هەڵسایت بە کۆکردنەوەی پارە، بڕی ئەو پارەیە چەندە کە بۆ بازنەی هەڵبژاردنەکە تەرخانی دەکەیت؟

وەبڕی ئەو پارەیەی کەدەینێریت بۆ نوسینگەی ناوەندیی حزبەکەت یان دەزگاکەت چەندە؟

ئایا حزبەکەت یان دەزگاکەت هەڵدەستێت بەڕێکخستنی هیچ جموجۆڵ و چالاکیەیەك لە ناوچەکەتدا بۆ کۆکردنەوەی پارە؟

## مەشقی کرداری:

کاری بە کۆمەڵ بۆ لەبەرچاوگرتنی جموجۆڵ و چالاکییە راستەقینەکان واقیعیەکان کەپەیوەست بە پرۆسەی کۆکردنەوەی پارە.

## یەکەی شەشەم

## پەیوەندیەکان و دیدارەکان

پێویـستە لەسـەر هـەرپاڵێوراوێك یـان ئەنـدامێکی هەڵبـژێردراو بـەردەوام پەیوەندی بەدەنگدانەوە هەبێت.

ئـەوەی بەدەنگـدەرانی دەڵێیـت و چـۆنیەتی خـستنەڕوی زانیاریـەکانی هەڵبژاردن دوو مەسـەلەی گـرنگن کـە ڕەنگـە جیاوازیـەکی زۆر گـەورە لـە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان بێنێتەدی. لێرەدا سـێ بنـەمای سـەرەکی لـە پرۆسەی پەیوەندیکردن هەیە کە ئەمانە:

* پێویستە راستگۆ و راشکاو بێت.
* کورت و پوختە لە گوتارەکاندا.
* هەمئاهەنگ و پەیوەست بیت.

بۆ بەدیهێنانی ئەوخالانەی سەرەوە پێویستە تۆ راستگۆو راشکاو بێت لە هەموو هەڵسوکەوتێکتدا چ تۆ یان حزبەکەت، دەزگاکەت، لەحاڵەتێکدا کە هەڵبژێریت، ئەوە پەیام و راگەیاندنەکەتە، دواتر هەندێ رێوشوێنت بۆ دەخینە روو کەدەشێ لەمیانەیاندا پەیامەکەت بگەینیتە دەنگدەران و پەیوەندیان لەگەڵدا درێژەپێ بدەیت.

پەیوەندی و پەیوەست بون لە میانەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا چواربواری سەرەکی دەگرێتەوە کە ئەمانەی لای خوارەوەن.

**پەیامی هەڵبژاردن**

**رێگەی خستنەرو شێوازەکەی**

**بابەتی پروپاگەندەو هۆکانی راگەیاندن.**

**دیدارو پەیوەست بون لەگەڵ دەنگدەران.**

## پەیامی هەڵبژاردن

* تێڕوانین:

ئەوەیە کە تۆ وحزبەکەت وەك ئەرکێکی سەرەکی لەوکەسەی دا دەبینن کە هەڵبژێراوە، جا ئەگەر پاڵێوراوی حزب بێت یان سەربەخۆبێت. پێویستە بەیانێك (وتەیەك) لە سنوری (150) وشە ئامادە بکەیت دەربارەی تێڕوانینی ئەجندەی هەڵبژاردن.

* ئامانجەکان

ئەوەش لە جێگەی لێکدانەوەو رونکردنەوەی ئەو تێڕوانینەیە کە گەرەکتە بیهێنیتەدی و بەدەستی بێنیت وەك ئابوریەکی پتەو، زیادکردنی رێژەی

فێرکردن بەڕادەی 40٪ وە پێشکەش کردنی چاودێری تەندروستی باشتر بۆ ناوچەی گوندنیشینەکان و دورەدەستەکان.

* پرۆگرامەکان (ئەجندەکان)

پرۆگرامەکان میکانیزمێك بۆ جێبەجێکردن سازدەکات کە لەمیانەی دا هەڵدەستێت بە بەدیهێنانی و بە ئەنجام گەیاندنی. وەبەرنامەی وردترو درێژتر ئامادەدەکەیت بۆ ئەو کارو ئەرکانە کە پێییان هەڵدەستیت، تۆ وەك پاڵێوراوێك یان حزبەکەت لە حاڵەتی هەڵبژاردنتدا. بەرنامەکەت دەبێت رون و دیاریکراوبێت. وەلەسنوری تواناددا سەرچاوەی داهاتەکان و خەرجیەکان بخەڕوو کە بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرنامەکە پێویستی پێییەتی.

وەبەپێی ئەو پۆستەو ئەو ناوەندەی کەکێبەرکێی لەسەردەکەیت بۆ خۆپاڵاوتنت لەسەری، پێویستە پرۆگرامێك دانێیت لە پەیوەندی بەو بابەت و مەسەلانەی لای خوارەوە هەیە، وەك

- **ئابوریەکی بەردەوام و پتەو.**
- **پلانی ئاوەدانکردنەوەی شارو گوندەکان.**
- **پاراستنی ژینگە.**
- **ژێرخان و خزمەتگوزاریە گشتیەکان**
- **پارێزگاری کردنی هاوڵاتیان**
- **پەروەردەو فێرکردن**
- **خزمەتگوزاریە کۆمەڵایتیەکان و نیشتەجێکردن**
- **مافەکانی مرۆڤ**
- **کاروباری نێودەوڵەتی و هەرێمی.**

* مەرج نیە هەموو وەڵامەکان و چارەسەرەکان بزانیت، بـەڵام هاوڵاتیـانی دەنگدەر داوادەکەن ئەوتێڕوانینە گشتگیرەی تـۆ یـان حزبەکـەت لەسـەر بازنەی هەڵبژاردنەکەت هەتانە بیزانن چونکە . ئەو ئەزمون و شارەزاییەی هەتانە بەسە بۆ چارەسەرکدنی کێشەو گرفتەکان بەگشتی.

* پێویستە هەر پاڵێوراوێك بەیانی هەڵبژاردنی خۆی بەسـەر دەنگدەرانـدا دابەش کردبێت، بە جۆرێك ئەجند خوی بەشێوەیەکی رون و ئاشکرا تێـدا خستبێتە ڕوو.

لەوحاڵەتەشـــدا دەنگـــدەران پێیـــان بـــاش دەبێـــت پوختەیـــەك لەبیروبۆچونەکانت و ئامانجە دورو نزیکەکانت و سەرەکیەکانی ئەجنـدەی هەڵبژاردنەکە بزانن.

* بێگومان پێویستە ئەجندەی هەڵبژاردن پەیوەندیەکی بەهێزی بە ئـەرك و بەر پرسیاریەتەکانی ئەو پۆستەی خۆت بۆ پاڵاوتوە هەبێت. بۆ نمونـە، ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە پێی چەند یاسایەك کارەکانی رایی دەکـات، وە چـــەندین بەرپرســـیاریەتی جیـــاوازی هەیـــە ســـەبارەت بەوانـــەی پەیوەندییان بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە هەیە( پەرلەمان).

هەمیـشە ئـەوەت لـە یادبێـت..... کـە دەنگـدەران دەیانـەوێ بـزانن کـە پیلانێکی رون و ئاشکرات هەیەو ئاگاداربیـت لـە هـەموو ئـەو کارانـەی کـە ئەنجامیان دەدەیت لە حاڵەتی هەڵبژاردنت دا... وە لە حاڵەتێکدا ئەگـەر ئـەوان کـۆك و تەبانـەبوون لەسـەر ئەولایەنانـەی کـە ئەجندەکـەت لـە خۆیگرتوە، بەڵام کاتێك دەزانن کە تـۆ بەشـێوەیەکی عـەقلانی و مـەنتقی رەوشـەکەت شـیکردۆتەوە و چارەسـەری گونجـاوت بـۆ کێـشەوگرفتەکان

داناوەو بەعەقلیەتێکی کراوەو بەراوێژ ئەرکەکان جێبەجێ دەکەیت ئەوا ئەگەری دەنگ بۆدانت مسۆگەر تردەبێت.

## دروشمی هەڵمەتەکە :

لە زۆربەی جار، هەموو هەڵمەتێکی هەڵبژاردن دروشمی تایبەت بە خۆی هەیە ئەو دروشمەش دەبێ کورت بێت و بەچەند وشەیەك یان بڕگەیەك، ئەوە بخاتە ڕوو کە تۆ یان حزبەکەت لە پێناویدا تێدەکۆشن بۆی. دروشمی باش یارمەتی دەنگدەران دەدات تابە ئاسانی جیات بکەنەوە لە موونافیسەکانی تر.

## مەشقی کرداری:

لە میانەی بەشداریکردنی ئەو دروشمانەی کەبەشداربون بینیان و کاریگەریان هەبوو، لەمیانەی چەند گروپێکی بچوکدا، پێویستە بەشداربوان هەستن بە دانانی ئەجندەیەکی نمونەیی بۆ بابەتێکی باو لەمەسەلەیەکی گشتیدا وەك کارکردن بۆ چاکردنی رەوشی چاودێری تەندروستی لە ئیش وکاری گوندەکان و لادێکاندا.

## شێوازی پاڵێوراو لە خستنەڕوو:

شێوازی خستنەڕوو لایەنێکی زۆرگرنگە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، بە جۆرێك زۆر لە دەنگدەران.... تەنانەت بەوانەشەوە کە جیاوازی بیروڕای سیاسیان هەیە لەگەڵتدا..... رەنگە دەنگ بە تۆو بە حزبەکەت بدەن، لەحاڵەتێکدا ئەگەر تۆ پاڵێوراوێکی بڕوا بەخۆ بو بویت و شارەزا یی و ئەزمونت لەوبوارەدا هەبو وەگرینگیت بە ئیش و کاری کەسانی تردا و

دیدێکی گشتگیروئەمین وراستگۆیت لەسەر مەسەلەکان هەبو و خاوەن ڕەوشتێکی بەرزوپاك و دڵسۆزبویت.

زۆربەی دەنگدەران کەسێکیان مەبەستە دەنگی بۆ بدەن کە توانای سەرکردایەتی کردنی هەبێت و توانای وەرگرتنی بڕیاری عادیلانەو دروستی هەبێت و بتوانێت چارەسەری کێشەکان بەژیریی و بەمەنتق بکات، وهەردەم بەگیانێکی پیشەیی و بەرپرسیاریەتیەوە کارەکانی ڕاپەڕێنێت.

* روخسارو کەسیەتیت بەشێوەیەکی گشتی پێویستە ئەوپەڕی هێمنی و عەقڵانی و خۆشەویستی و گرنگی و ڕاشکاوی پێوەدیاربێت.

* نابێ وەڵامدانەوەکانت و کاردانەوەکانت دوژمنانەبێت بەرامبەر ئەوانەی لە بەرامبەر تۆدا هەڵوێستێکی دوژمنانەیان هەبوە. واباشترە خۆت لەڕووبەڕووبونەوەی بێ بایەخ و گاڵتەجاری بەدووربگریت.

* خۆت بەدور بگرە لەو بەڵێنانەی کە بەدیهێنان و جێبەجێ کردنیان زەحمەتە، لەکاتی سەرکەوتنت لە هەڵبژاردنەکاندا داوای جێبەجێکردنی دەکەن لێت، وە ئەگەر نەتوانی بەڵێنەکانت بێنیتەدی، ئەوا بەفێڵ و هەڵخەڵەتان چاوبەستەکێ تاوانبارت دەکەن.

* ئەگەر نەتتوانی وەڵامی پرسیارێك بدەیتەوە لەبەر ئەوەی کەنایزانیت پێویستە زۆر ڕاشکاوانەو بێ هیچ پێنچ و پەنایەك بڵێیت نایزانم، و هەوڵبدە لە کاتێکی تردا وەڵامی بدەیتەوە کە وەڵامەکەت دەستگیربو.

* قسەکردن بە ئاشکراو لەبەردەم خەڵکدا تاڕادەیەك ترسناك وسەر شێوانێك دروست دەکات، بۆیە پێویستە ئەو ووتارەی کەدەتەوێ بیگەیەنیت، پێشتر پێویستە بینوسیتەوەو چەند جارێك بیخوێنیتەوە

بەمەبەستی مەشق کردن و بەیارمەتی یەکێك لە کارمەندەکانی ستافی کارەکەت، زۆربەی جار دیدارو گفتوگۆ وپرسیارکردن کاتێکی تایبەتی بۆدیاریکراوە، هەوڵبدە لەو ماوەیەدا کارەکانی خۆت رایی بکەیت.

* کاتێك هەڵدەستیت بەڕاهێنان لەسەر ئەدای خوێندنەوەی بابەتێك با ئەندامانی تیمەکەت ڕای خۆیان لەسەر خوێندنەوەو ئەدای وتارەکەت دەربڕن، وەك، لە کوێدا خێرا دەخوێنینەوە لە کوێدا هێواش و لە کوێدا دەنگ بەرز دەکەیتەوەو لە کوێدا نزمی دەکەیتەوە، ئایا لەکاتی خوێندنەوەو یان قسەکردن سەیری خەڵکەکە دەکەیت یان نا.

* بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆی راستەو خۆ بۆ خەڵك کاریگەری باشترە لەوتارێك

کەنوسرابێتەوە. بەهەرحاڵ، ئەم جۆرە مەسەلانە پێویستیان بەهەندێ راهێنان هەیە، وەدەتوانێت وەك سەری بابەتەکان لەپارچەکاغەزێك بنوسیت و بەپێی ئەوە هەڵسوکەوت بکەیت.

* هەمیشە سەرەتاو کۆتایی وتارەکەت بەبڕگەیەك بێت پوختەی مەبەست و پەیامەکەت لەخۆبگرێت.

* لەبەشی سەرەکی وتارەکەت، تێبینیەکانت راستەوخۆ ئاراستەی جەماوەرەکەت بکە.

* رەنگە ئارەزوبکەی وتارەکەت هەندێ تێبینی و ئاماژە دەربارەی خۆت وبەهرەو تواناکانت لەخۆ بگرێت لەپێناو پۆستێکی ئیداری یان پێگەیەکی سیاسی بەڵام باپوخت و راگوزەربێت.

* ئەو وتارانەی کەبڕێکی زۆری لە تۆمەت و سلبیات لە خۆ گرتێت سودی نابێت بۆ قایل کردنی دەنگدەران بۆ ئەوەی دەنگیانت بدەنێ.

خـەڵك زیـاتر گـوێ بـۆ خـستنەڕوی كێـشەكان و شـیكردنەوە دەگـرن، وەدەنگدەرانیش بەشـێوەیەكی گـشتی حـەز بەبیـستنی چارەسـەردەكەن كەلەلایەن تۆوە پێشنیازیان بۆ دەكەیت و چۆن ژیـانی تایبـەتیان چـاكتر دەكەیت لە میانەی ئەجندەكەی تۆوە.

* هەوڵبدە هەنـدێ چاپكراوی پـەیوەنـدار بەدیـدارو كۆبونـەوەكان لەگـەڵ خۆتا بێنیت، وەهەوڵبدە زوبگەیتە شـوێنی دیـاریكراو بـۆ ئـەوەی بـەر لـە چـالاكیەكەت چـاوپێكەوتن لەگـەڵ خەڵكـدا بكـەیت و دوای تـەوابونیش بەهەمان شێوە بیروڕاكانت راستەوخۆ لەگەڵیاندا تاوتوێ بكەیت.

## پاشكۆكان:

- كورتەیەك لە مێژوی ژیان و بەسەرهاتی.
- كورتەیەك لە شێوازی خستنەڕوی پالێوراو.
- تێبینیەكان دەربارەی ئامادەكردنی وتار.
- هەندێ مەسـەلە گـرنگ كـە پێویـستە لەبـەر چـاوبگیرێت لـە كـاتی خـۆ ئامادەكردن بۆ دیدارو كۆبونەوەكان.
- تێڕانینێكی گشتی دەربارەی پەیامی هەڵبژاردن و هۆكانی راگەیاندن.

## مەشقی كرداری:

بەشداربوان باهەستن بە دروسـتكردنی سـندوقێك بـۆ نامـەكان دەربـارەی ئەوانـەی لەسـەر خـۆت و حزبەكـەت دەیانلێیـت وەدەربـارەی ئەوانـەی سەبارەت بە خۆت و حزبەكەت دەیلێن.

بەشداربوان هەڵدەستن بـە نوسـین و تۆمـاركردنی وەلامـەكانت دەربـارەی ئـــەو پرســـیارانەی خـــوارەوە لەگـــەڵ ڕەچـــاوكردنی هەرســـێ بنـــەما سەرەكیەكان كە:

کورت و ڕاستگۆیانەو بەیەکەوە بەستراو:

بۆچی دەمەویٚ هەڵبژێردرێم؟

وەك ئەندامێکی هەڵبژێردراو چیم هەیە پێشکەش بکەم؟

ئەوسێ مەسەلە گرنگەی کاری بۆ دەکەم لە حاڵەتی هەڵبژاردنمدا چین؟

(15) خولــەك تــەرخان دەکــەین بــۆ ئامــادەکردنی وتــەی هەڵبــژاردن کەماوەکـەی یـەك خولـەك بێـت، دەربـارەی پـەیامی پـاڵێوراو و وهەنـدیٚ لەبەشداربوان، کەهەریەکەیان هەڵدەستن بە پێشکەش کردنی وتەکانیان.

## بابەتە ڕیکلامیەکان و هۆکانی ڕاگەیاندن:

مامەڵەکردن لەگەڵ هۆکانی ڕاگەیانـدن ڕێگەیـەکی تـرە لەیارمەتیـدانت بـۆ گەیشتن بەدەنگدەرانت.

## ئاشکرای کەو دڵنیابە:

– ئایا حزبەکەت یان دەزگاکەت ستراتیژێکی ڕاگەیاندنی هەیە؟

– ئایا حزبەکەت یان دەزگاکەت و وتەبێژێك یان قسەکەرێکی ڕۆژنامەوانی لەبازنەی هەڵبژاردنەکەدا هەیە؟

– ئایا حزبەکەت یان دەزگاکەت کەسانێکی دیاریکراوی هەیـە بـۆ لاسـایی کردنەوەی هەندیٚ مەسەلەو بابەتی دیاریکراو؟

## هەڵسوکەوت لەگەڵ هۆکانی راگەیاندن:

* مەرج نیە هەموو جارێك کە راگەیاندنێکی رۆژنامەوانی بڵاودەکەیتەوە یان گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی ئەنجامدەدەیت راستەوخۆو هەر زو هۆکانی راگەیاندن کاری بڵاوکردنەوەت بۆ بکەن.

* لە پێناو دەستگیرکردنی هەڵمەتێکی رۆژنامەوانی گونجاودا، پێویستە بەردەوام لە پەیوەندی کردندا بیت لەگەڵیاندا، بۆ ئەوەی لەهەر چالاکی و جموجۆڵێکی خۆتدا ئاگاداریان بکەیتەوە کە پێویستە بە بڵاوکردنەوە دەکات. لەگەڵ ئاگادارکردنیان بەکات و رۆژوشوێنی ئەو چالاکیەی کەدەتەوێ ئەنجامی بدەیت.

* هەواڵەکانت و هەواڵی هەڵمەتەکەت بەزویی بگەیەنە بە هۆکانی راگەیاندن لەکاتی گونجاودا، هەمیشە هەواڵ بدە لە رۆژنامەوانان نزیك بیت، بە جۆرێك بتوانن بە ئاسانی بگەنەلات.

* ئەمانەی خوراەوە هەندێ خاڵی گرنگن پێویستە رەچاویان بکەیت لەکاتی هەڵسوکەوتت لەگەڵ هۆکانی راگەیاندن:

– هەمیشە لەراستیەکان ئاگاداریان بکەوە.

– بەرونی و بەئاشکرا ئەو بابەتانەی دەتەوێ رایانگەینیت دەست نیشانیان بکە لەمیانەی هەڵمەتەکەدا.

–کراوە بە لەگەڵیاندا وئاسانکاریان بۆ دیدارەکانیان لەگەڵتا بۆبکەو بەڵێنەکانت بگەینە سەر.

– ئامادەکاریەکان بەرێکوپێکی ئەنجام بدە، وەك دەست نیشان کردنی تەوەرەکانی گفتوگۆکانت و خشتەی کارەکان لەکاتی دیدارو چاوپێکەوتنەکانت لەگەڵ هۆکانی راگەیاندندا.

– ئاگات لەوەبێت هەرچی تۆ دەیڵێیت، هۆکانی راگەیاندن قسەو باسی لەسەر دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە، وەلە حاڵەتێکدا حەزت نەکرد ریکلامەکانت لەلایەن ئەوانەوە بڵاونەکرێتەوە، ئەوا دەتوانیت هیچیان لەو بابەتانە پێشکەش نەکەیت.

– واباشە ئەم جۆرە وەڵامانە لەکاتی پێویستدا بەکاربهێنیت وەك،

( دواتر دێنەوە لاتان) یان(ئێستا ئامادەنیم بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە)

– هەوڵبدە وەڵامدانەوەکانت بە پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەتەوە ببەستیتەوە

– هەمیشە وای دابنێ کە بینەران و ئامادەبوان ئەوان دەنگدەران.

مامەڵەت لەگەڵ رۆژنامەوانانی بەشێوەیەکی یەکسان و بێ جیاوازی بێت

– ئاگاداری دواین هەواڵ و گۆڕانکاریەکان بێت لەرێگەی رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆوە.

– زۆر بە ئاگاو ورد بە لە چۆنیەتی دەربڕینی بیروڕاکانت بەشێوەیەکی ئاشکراو دروست.

– چاوەڕێ مەکە رۆژنامەکان بگەڕێن بەدواتدا، بەڵکو پێویستە تۆ پەیوەندیان پێوەبکەیت.

– رێبەرێکی راگەیاندن بۆ بابەتە ریکلامیەکانت دروست بکە کەتایبەت بێت بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەتەوە و بەسەرهۆکانی راگەیاندن دابەشی بکەیت ئەو جۆرە رێبەرانە دەبێ ئەم بابەتانە لە خۆ بگرێت:

* کورتەیەك لە ژیانی خۆت.

* بڵاوکراوەیەك لەسەر راستیەکان و ژمارە تایبەتەکانی هەڵمەتەکە.

* ناميلكەيەكى رۆژنامەوانى دەربارەی هەڵمەتەكە.

* بڕگەی هەواڵە سەرەكيەكان و وێنەكان.

*جموجۆڵ و چالاكيەكانی ئاينده.

*وتەوپەيڤەكانی كە پێشتر راگەێنراون.

*ئەگەر ئەو وتارەی پێشكەشی دەكەيت لەڕێگەی تەلەفزيۆنەوە يان راديۆوەبو، پێويستە هەندێ مەسەلەی وەك جل وبەرگ و قيافە لەبەر چاوبگريت.

* جل وبەرگێكی وا بپۆشە كە لەگەڵ كلتوری كۆمەڵگاكەت بگونجێت.

* ئاگادار بە لە پۆشينی هەندێ ئێكسسواری بە جۆرێك كەدوچاری گێروگرفتت بكات و گيرۆدەبيت بەدەستيانەوە....

## مەشقی كرداری دەربارەی هۆكانی راگەياندن:

بەشداران بارۆڵی رۆژنامەنوسان ببينن و ديدارو سيمينارەكان ئەنجام بدەن.

## پاشكۆكان:

قسەكردن بۆ هۆكانی راگەياندن.

## بابەتەكانی پڕوپاگەندە:

ڕەنگە ڕێوشوێنی ورێنمايی رونوئاشكرا دەربارەی پڕوپاگەندەی رۆژنامەوانی گشتی لە ميانەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا هەبێت، لەبەرئەوە پێويستە لەسەرت وەك پاڵێوراوێك ئاگاداری ئەو جۆرە مەسەلانە بيت لەميانەی ياساكانی هەڵبژاردنی تايبەت بەو مەسەلەيە و لەميانەی ئەو رێوشوينانەوە.

## چاپکراوەکان:

* ئەمانەی خوارەوەن:

- ناميلكەی راگەياندن.

- ديواربەندولافيتە.

-ريكلامی رۆژنامـەكان و گۆڤارەكـان لـەكاتی پێويـستيدا و بەشـێوەيەكی شايستەو گونجاو.

## ئاشكرای بكەو دڵنيابە:

ئايا حزبەكەت هيچ جۆرە بابەتێكی ريكلامی و رۆژنامەوانی چـاپكراوت بـۆ دابين دەكات؟

* وەك پاڵێوراوێك پێويستيت بە چەند وێنەيەكی شەخسی خۆت دەبێـت، كە گونجاو بێت لەگەڵ ناميلكەكان و پەيامەكان و ديواربەندەكان.

* لەحاڵەتێكـدا ئەگـەر حـزب يـان دەزگاكـەت بابەتـەكانی پڕوپاگەنـدەو چاپكراوەكانی بۆ دەستەبەر نەكريت، ڕەنگە پێويستيت بە كورتەيـەك لـە بوچـــونەكانت و ئامانجـــەكان و ئەجنـــدەی هەڵبژاردنەكـــەت بـــێ، كەبەشـێوەيەكی پوخـت و بـەزمانێكی سـادەو پـاراو پێكـەوە بەسـتراو دابرێژيت، وەلە حاڵەتێكدا ئەگەر پـاڵێوراوێكی سـەربە خـۆ بويـت ديسان پێويستە لەسەرت هەمان رێوشوێن بگريتەبەر، چونكە ئەو جۆرە زانياريـە پوختە لەناميلكەكان و ريكلامەكان و ديوار بەندەكان( المصقات الجداريە) و ريكلامی گۆڤارو رۆژنامەكاندا بەكاردێت.

* دەتوانیت ئەو زانیاریانە لەناملیکەدا زیاتر بڵاوبکەیتەوە، نەك لەرۆژنامەو گۆڤارو لافیتەکاندا.

* زانیاریە تایبەتیەکانی خۆت رەنگە بچێتە ناو باسی ژیانی رۆژانەت و بەهرەو تواناکانت و ئاستی خوێندەوارەی و رۆشنبیریت و ئارەزوە تایبەتیە کانت کە پەیوەنیان بەومەسەلەیەوە هەبێت.

* ئەگەر دروشمێکی تایبەتیت هەبوو، لەسەر هەمو چاپکراوەکان بڵاویان بکەرەوە.

* ناملیکە چاپکراوەکان بدەبە تیمی کارەکەت بۆ ئەوەی دابەشیان بکات بەسەر ئەمانەی لای خوارەوە:

- جەماوەری دەنگدەران( الناخبین)
- دانانی لەسەرمێزی بازارەکان و شوێنەگشتیەکان.
- لەمیانەی دیدارو کۆڕو کۆبونەوەکان و چالاکیەگشتیەکان.
- ئەگەر بڕێك پارەت بەدەستەوەبو، یەك مەسەلە هەیە پێویستە جێبەجێ بکەیت، ئەویش چاپکردنی ناملیکەیەکی رۆژنامەوانی بچوك کەلە یەك پەرەی ئەم دیوو ئەو دیو پێکهاتبێت.

## مەشقی کرداری دەربارەی چاپکراوەکان:

لیستێك دروست بکە بەناوی ئەو شوێنانەی کە چاپکراوەکانی تێدا دابەش دەکەیت.

## ریکلامی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی :

ڕەنگە ماوەی ڕێپێدراو بۆ ریکلامی رادیـۆیی و تەلـەفزیۆنی سـنورداربێت ، ئەگـەر دەرفـەت بـۆ ڕەخـسا بـۆ ریکـلام و پروپاگەنـدە لـەو دوو بـوارەدا، ئەمانەی خوارەوە چەند خاڵێکن کە پێویستە بەهەند وەر ببگیرێن.

## ئاشکرای کەو دڵنیابە:

ئایـا حزبەکـەت یـان دەزگاکـەت هەڵدەسـتێت بـە پیلانـدانان بـو هــەر ریکلامێکی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی؟

* پروپاگەنـدەکردن لـە رادیـۆو تەلـەفزیۆن رەنگـە خـەرجی زۆری بوێـت لەبەرئەوە پێویستە بگەڕێتـەوە بـۆ حوکمـەکانی یاسـایی هەڵبژاردنـەکان کەتایبەتە بەولایەنە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و پروپاگەندەکانی، پـێش ئەوەی ئەو کارەبکەیت.

* ئەگەر ماوەی ریکلامەکە سنوردارب‌و، پێویستە پەیامێکی راگەیاندن یان رۆژنامەوانی بنوسیت و چـەند جارێـك مەشـقی لەسـەر بکـەیت دەربـارەی چۆنیەتی پێشکەش کردنی و ئەداکردنی بە جۆرێك بگونجێـت لەگـەڵ ئـەو ماوەیەی بۆت دیاریکراوە، وریابە خوێندنەوەکـەت لەسـەر خـۆو هێمنانـەو ئاشکراو رون بێت وەبەبڕواو متمانەیەکی تەواوەوە پێشکەش بکە.

هەمیشە ئـەوەت لـەیادبێت.... راسـگۆیی و ڕاشـکاوی ، کـورت و پوخـت، ڕێزبەندی لەوشەو دەربڕینەکاندا!!

* پێویـستە پەیامەکـەت جەختکردنـەوەبێت لەسـەر بـیروڕاو ئامـانج و ئەجندەکەت بۆ جەماوەری دەنگدەران.

* زیدە ڕۆیی مەکە لە بەکارهێنانی راگەیاندنەکانت و دروشمە جۆراوجۆرە کانت دەربارەی بیروڕاکانی خۆت، لە بڵاوکراوە گشتیەکاندا جەخت لەسەر ئەوانەی لای خوارەوە بکەوە:

– پەیامێك یان دوان یان سیان، كە ڕاشكاوانەو ئاشكرابن.
– بەكارهێنانی هەمان زمان و دەربڕینەكان و دوبارەكردنەوەیان چەند جارێك.

## پاشكۆكان :

هەندێ مەسەلەی پەیوەندیكردن بە دەنگدەران و هەڵسوكەوت كردن لەگەڵیاندا:

ئەو ئامانجەی لە پشت ئەو پەیوەندیانەوەیە، كاركردنە بۆ قایلكردنی خەڵك بەوەی كەتۆ ئەوكەسەی لە حاڵەتی هەڵبژاردنتدا گۆڕانكاری بەرەو باشتر ئەنجام دەدەیت.

پەیوەندی كردن بە دەنگدەرانەوە، لەولایەنە هەستیارو یەكلاكەرەوانەیە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەكاندا، وەدەتوانیت بەشەخسی پردێكی پەیوەندی و لە نێوان خۆت و جەماوەری دەنگدەراندا بنیات بنێیت، كەڕەنگە ئەنجامی بەسودی لێ بكەوێتەوە. جا ئەوپردی پەیوەندیە ئەگەر لەڕێگەی تەلەفۆن یان لەڕێگەی نامەو پۆستی ئەلكترۆنی و بەریدی ئاسایی یان هەر هۆیەكی تر لە هۆكانی پەیوەندی بێت بەمەبەستی بەدەست هێنانی پشتگیری و پشتیوانی جەماوەری دەنگدەران و مسۆگەركردنی دەنگەكانیان.

* وەك پاڵێوراوێك پێویستە دیدارو پەیوەندی بە زۆرترین ژمارەی خەڵكەوە بكەیت بۆ گوێبیستی رازو نیازو پرسیارو پێشنیازەكانیان بیت لە نزیكەوە.

* پاڵێوراوێك دەتوانێت لە چەندین شوێنی جۆراوجۆرو بەچەندین شێواز دیدارو گفتوگۆ لەگەڵ جەماوەری دەنگدەران ئەنجام بدات. لە شوێنە گشتیەکانی وەك بازارو چێشتخانەوە سەنتەرەکانی رۆشنبیری و هیتریش....

* لەکاتی دیدارو سەردانەکانت لەگەڵ دەنگدەران با چەند کەسێك لەبەشداربوانت لەگەڵ دابێت، لەبەرچەند هۆکارێك:

– ئەوکەسانە هەڵدەستن بە تۆمارکردنی هەرتێبینیك و سەرنجێك کە دەنگدەران ئاراستەی تۆی دەکەن وەك پاڵێوراوێك و ئامادەی بەدواداچونی هەر مەسەلەیەکن لەوبوارەدا.

– هاوکات دەبن لەپابەند بونت بە ئەجندەو خشتەی زەمەنی دیاریکراو.

– هەوڵدەدەن ئاسایش و ئارامی دابین بکەن.

تۆمارکردنی دەرەنجامەکانی دیدارو کۆبونەوەکان لەگەڵ دەنگدەران، یارمەتیت دەدەن لەو راپۆرتەی کە دەربارەی ئەوانەی دەنگت پێدەدەن و دواتر لە رۆژی هەڵبژاردنەکان کار بۆ ئەوە دەکەیت ئایا پابەندی بەڵێنەکەیان بوون سەبارەت بەدەنگ پێدانیان بۆون یان نە.

* لەکاتی دیدارو کۆبونەوەکانت لەگەڵ جەماوەری دەنگدەراندا کەسایەتیەکی ناسراوت لەگەڵدا بێت، کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر راکێشانی سەرنجی خەڵکەکەدا بەلای خۆتداو، تاڕادەیەکی زۆریش هۆکارێك دەبێت بۆ مسۆگەرکردنی دەنگەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆت. ئەمەش دەکەوێتە سەر جۆری ئەو شوێنەی کەلەگەڵ ئەو خەڵکەدا کۆدەبیتەوە مەبەستیشمان لەوەیە کەهەندێ لەوکەسایەتیە بەڕێزو ناسراوانەیە کە یارمەتیت بدەن لەناساندنی تۆ بەخەڵکەکە).

* لەكاتى كۆبونەوەت لەگەڵ دەنگدەراندا:

- خۆت بناسێنە( وەسەبارەت بەحزبە كەشت ئەگەر سەر بەحزبێك بويت يان نوێنەرى حزبێك بويت)

- هۆكارەكانى خوپاڵاوتنت رابگەينە و بەرنامەو كارەكانى ئايندەت ئاشكرابكە.

- سەبارەت بەويست و ئارەزوەكانى دەنگدەران پرسياريان لێبكە.

- گوێ لە هەموو پرسيارو راو بۆ چون و سەرنجەكانيان بگرە.

- پرسياريان لێبكە ئايا زانيارى زياتر پێويستە تا پێشكەشيان بكەيت يان حەزدەكەن لە ئايندەدا سەردانێكى تريان بكات.

- ئەو زانياريانەى پەيوەندى بە هەڵبژاردنەوە هەيە نيشانيان بدەو بەسەرياندا دابەش بكە ئەگەر ژمارەى چاپكراوى تەواوت لەبەردەستابو.

* پرس بە پەيمانگەكان و دامەزراوەكان بكە كەڕێگرن لەبەردەم هەڵمەتى پروپاگەندەكردن لە ميانەى نوسينگەكانيان و بيناكانيانەوە، يان هاوكاريت دەكەن لەو بوارەدا.

* بەڵگەنامەى پەيوەندى كردن بە دەنگدەرانەوە لەو هۆكارەگرنانەيە كە دەست نيشانى ئەوانەت بۆ دەكات كەپشتگيرى و پشتيوانيت لێدەكەن. وبۆ تۆماركردنى سەرنج و رونكردنەوەكانيش سودى هەيە. وەبەئاگابون لە هەڵوێستى دەنگدەران ئەويش خاڵێكى گرنگە، وەدەتوانيت ئەم كارە لەناوچە نزيكەكان و گوندەكان و كۆمەڵ ئەنجام بدەيت.

* ئەو شوينانەى كە دەشێ ديدارو كۆبونەوەكانتى لەگەڵ دەنگدەراندا تيدا ئەنجام بدەيت و خۆ لەنزيكەوە لەگەڵياندا بيت وەك ئەم شوێنانەى لاى خوارەوەن، هەرچەندە مەرج نيە تەنها هەر ئەو شوێنانەبن:

- بازاڕەکان.
- ڕوداوە وەرزشیەکان.
- چالاکییە کلتوریەکان.
- ئاهەنگی هاوسەرگیری
- چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان.
- ریسێتۆرانەکان.
- شوێنەکانی بازارکردن( التسویق) وەك سوپەر مارکێتانەکان
- قەرەباڵغیەکان و کۆبونەوەکان.

* دەتوانیت هەستیت بەڕێکخستنی کۆبونەوەی بەمەبەست یان ( داوەتکردن بۆ خواردنەوەی قاوە) بەمەبەستی دیدارو کۆبونەوە لەگەڵ دەنگدەران دەشێ ئەم کارانە لە شەقام و لە گەڕەکەکانداو...... هتد، ئەنجام بدرێت مەشقی کرداری دەربارەی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەنگدەران:

بەشداران هەڵدەستن بەپرۆسەی گێڕانی دەورەکان وئەدا کردنی.

**پاشکۆکان بۆ بەکارهێنان:**

- کارتی پەیوەندی کردن بە دەنگدەرانەوە
- نەخشەکان ئەگەر هەڵسوڕابون

# یەکەی حەوتەم

## رۆژی هەڵبژاردنەکان

مەبەست لەو رۆژە ئامادەکردنی هەموو ئەو خەڵکانەیە کە بەڵێنیان داوە دەنگی خۆیان بدەنە بەتۆ.

بۆ ئەوەی بزانیت ئەوانەی کە ئارەزوی ئەوەیان هەیە دەنگت پێ بدەن سەرنجێکی ئەوتێبینیانە بدە کە لە بەڵگەنامەی پەیوەندیەکانت بەدەنگدەرانەوە تۆمارت کردبون لەکاتی خۆیدا. ئەمە یارمەتیت دەدات لە رۆژی هەڵبژاردنەکاندا.

* بنەماکان و ئەحکامەکانی هەڵبژاردنی پەیوەست بەراگەیاندن و پروپاگەندە لە رۆژی هەڵبژاردندا بخەروو.

* بەرپرسی ڕێکخستنی هەڵمەتەکەت لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، دەتوانێت لیستی ناوی هەموو ئەوانە ڕێکبخات کە هەواداری تۆن، وەدڵنیابێت لەگەیشتنیان بۆ سندوقە کانی دەنگدان تا دەنگ بەتۆبدەن.
* ئەگەر دەنگدەران تەلەفۆنیان هەبوو، بەڕێوەبەری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەت دەتوانێ لەڕێگەی کارمەندانی هەڵمەتەکەوە پەیوەندیان پێوەبکات و هانیان بدات بۆ دەنگدان.
* جگە لەوەش، لەحاڵەتی بونی ئوتومبیلی گواستنەوە، دەتوانێ پێشنیازی گواستنەوەیان بکات بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان.
* ئەگەر پاڵێوراو نەیتوانی هاوڕێیەتی دەنگدەران بکات بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، لەوحاڵەتەدا پێویستە لە شوێنێکی وا دا بوەستێت کە زۆربەی دەنگدەران بتوانن بیبینن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاندەرێکە بۆ خەڵکەکە بۆ ئەوەی دەنگی پێبدەن.
* بونی ئامێری رادیۆ یان تەلەفزیۆن لە نوسینگەی هەڵمەتەکە زەروریە بە جۆرێك کە پاڵێوراو ستافی هەڵمەتەکەی ئاگاداری یەك بەیەکی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەین.
* لە حاڵەتی بونی تواناکاندا، شایسەتەترو جوانتردەبێت ئەگەر وتەیەکی کورت پێشکەش بە هەموان بکرێت کەتیایدا سوپاسی ئەو هەوڵ و ماندوبونەیان بکرێت، ئەم کارە پێویستە لە هەردوو حاڵەتەکەدا، سەرکەوتن یان تێشکان! !
* لەحاڵەتی سەرنەکەوتنت لە هەڵبژاردنەکاندا، دەتوانیت بۆ ماوەی یەك هەفتە لەماڵەوە پشوبدەیت.

* له حاڵەتی سەرکەوتنت، زیاتر سـەرقاڵ و مانـدودەبیت لـەوەی لـەکاتی هەڵمەتەکەدا سەرقاڵ و ماندوبویت.

## کورتەیەك لەژیاننامە

- وێنەیەك ( ئەگەر هەبوو).
- ناوی پاڵێوراو.
- تێڕوانین و پەیام و زانیاریەکان دەربارەی بەرنامەی هەڵبژاردن.
- ئاستی زانستی
- ئەزمونی پیشەیی
- ئەزموونە بەدەست هاتوەکان، کلتوری، وەرزشی، کاری خۆبەخشی، ئەندامێتی لێژنە.... هتد.
- بۆچی دەتەوێ هەڵببژێرێیت؟
- چیت پێیە تا پێشکەشی بکەیت؟
- ئەوسێ شتە گرنگە کامانەن دەتەوێ ئەنجامیان بدەیت لە حاڵەتی هەڵبژاردنتدا؟
- کات و مێژوی هەڵبژاردنەکان لە حاڵەتی دیاریکردنیدا.

## پێشکەشکردن، خستنەڕو بۆ پاڵێوراو

* ڕاستگۆبە
* بەڵێنی هەڵبژاردنی نادروست پێشکەش مەکە.
* ئامادەو حازربە بە ئەندازەی زانین و توانای خۆت
* لەگەڵ پەیامی حزبەکەت، دەزگاکەت و لەگەڵ پەیامەکەی خۆشتدا هاوڕاو تەبابە.

* لەسەر سروشتی خۆت بە.

* شایستەی ڕێزو حورمەت بە.

* گوێ بۆ کەسانی تریش ڕادێرە.

**لەکاتی خۆ ئامادەکردن بۆ وتەیەك و دیدار لەگەڵ دەنگدەراندا.**

* جەماوەری ئامادەبوو بینەران بناسە.

* زانیاریان پێشکەش بکە.

* دەستنیشانی ئەوەی دەتەوێ ڕابگەێنیت بکە.

* سادەو ڕەوان بە.

* هەوڵ بدە هۆیەکانی ڕونکردنەوە بەکاربهێنیت وەك هۆکارە بینراوەکان وەکو ناميلکەو وێنە و دیواربەندو( تیشێرت).

* مەشق لەسەر پێشکەشکردنی وتارەکەت بکە بەو کاریگەریەی کە خۆت گەرەکتە.

* هەوڵبدە لە هەڵوێستێکی بەرگریدانەبیت.

**ڕەگەزە سەرەکیەکانی وتە یان وتار**

– خۆت بناسێنە( وەحزبەکەشت ئەگەر پاڵێوراوی حزبێك بویت).

– بابەتەکە بناسێنەو دیارییکە.

– ئەجندەکەت شرۆڤە بکە.

– کورت و پوخت و ڕەوان بە لە خوێندنەوەی.

– هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە وەرگرە.

– کێشەو گرفتەکان بە جۆرێك بخەڕو کە کاریگەری لەسەر ئامادەبوان و بینەران هەبێت.

– هەڵویستەکانت بە بەڵگەی بەهێزپشت ڕاست بکەوە و بەشێوازێك کە ئامادەبوان لێی تێبگەن، بۆئامادەبوانی ڕون بکەرەوە کەتۆ لە ئاستێکی وادای کە دەتوانیت وابکەیت چۆن مەسەلەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەریان دەبێت.

– چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکان پێشکەش بکە بە جۆرێك ئەو چارەسەرکردنە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەریان هەبێت.

– لە کۆتایی وتارەکەتدا دیدێکی ئایندەیی پێشکەش بکە، بەجۆرێك ڕونی بکەرەوە کە چۆن ئەوچارەسەرانەی کە خستنەڕو بەشداردەبن لەبەدیهێنانی ئەو دیدو تێڕوانینەتان.

– هانی ئامادەبوان بدە بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

**پرسیارو ڕونکردنەوە.... بەر لە کۆبونەوە یان دیدارەکە**

* دیدارەکە لە کوێ بەڕێوە دەچێت؟

* چۆن دەگەمە ئەو شوێنە؟

* لە چ کاتێکدا..؟ ( رەنگە حەزبکەیت بەرلەچەند خولەکێك بگەیت بۆ ئەوەی سڵاوێك لە بەشداربوان بکەیت لەکاتی چونەژورەوەیان بۆ هۆڵەکە)

* ئەوکەسەی ئەرکی سەرۆکایەتی کۆبونەوەکە یان دیدارەکە دەگرێتە ئەستۆ کێ یە؟

* چۆن دەست نیشانی ئەولەویەتی وتەکەو رێکخستنی دەکرێت؟

* ماوەی تەرخان کراو بۆ وتارەکەم یان قسەکانم چەندە؟

* ماوەی تەرخان کراو بۆ دانیشتنی پرسیارو وڵامدانەوە چەندە؟
* چۆن ئەو چالاکیە ڕێکدەخرێت؟
* ئایا مایکرۆفۆن ئامادە دەکرێت؟
* ئایا بە پێوە دەبم یان بەدانیشتنەوە.
* ئایا سەکۆ( منصە) یەکی تایبەت بە پێشکەشکردنی وتار هەیە؟
* ژمارەی مەزندەکراوی ئامادەبوان لە سنوری چەند کەس دادەبن؟
* ئایا هۆکانی راگەیاندن ئامادەی ئەو سیمینارە دەبن؟

## گفتوگۆکردن لەگەڵ هۆکانی ڕاگەیاندن

1- ئاگایی و زانیاریت لەسەر پەیامی هەڵبژاردنەکەت هەبێت.

2- ئاگاداری پێشینەی جەماوەری ئامادەبو بە.

3- گوێ لە پرسیاری پێشنیارکراو بگرە.

4- وەڵامی ئەو پرسیارە بەرەوە.

5- خاوەن هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ بە.

6- ڕاستگۆبە.

7- هەرگیز ئەم بڕگەی(( بەبێ تەعلیق)) بەکارمەهێنە.

8- لەوەندەی کەدەیزانیت هیچی ترمەڵێ.

9- شتێك مەڵی لە دوایدا لەسەر زمانی تۆ بیقۆزنەوە.

10- جڵەوی دەست پێشخەری و کۆنترۆڵ لەدەست مەدە.

11- هەرلەسەر سروشتی خۆت بە.

## بازنەی هەڵبژاردن

## کارتی پەیوەندی کردن بە خۆ بەخشانەوە

**نـــــاو:................**

**ناونیشان:...............**

**ناونیشانی پۆست:...................**

**تەلەفۆنی ماڵ : مۆبایل:......................  تەلەفۆنی کار**

......................

**چۆن دەتوانیت یارمەتی پیشکەش بکەیت؟**

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لە بواری ڕێکخستندا | | نوسینی نامەکان دەربارەی مەسەلەکە |
| | پەیوەندی کردن بەدەنگدەرانەوە | | دابەشکردنی کارتەکان و شتی تر |
| | پارە کۆکردنەوە | | کۆکردنەوەی پیتاك |
| | ڕێکخستنی چالاکیەکان لە کۆمەڵدا | | بەرلە هەڵبژاردنەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ڕۆژی هەڵبژاردنەکان | |

**سجلی پەیوەندیەکان:**

| پەیوەندیکار | تێبینیەکان | مێژوو |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

## کارتی پەیوەندی تایبەت بە دەنگدەران

**ناوچە/ شەقام:**........................

**مـــێـــژوو:**..............................

| × | ؟ | | تێبینیەکان | ناوی دەنگدەر |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |